فیلۆزۆفیــک تاد.. ئەمانــە کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی لێکۆڵینــەوەی تایبەت بکەن لــە دانە دانەی تاکی نەخۆش کە گرفتی نەخۆشەکان تا ڕادەیەکی بەرچاو ئاڵۆزو سەختە کە لەگەڵ ژیان و مەرگدا ڕووبەڕوون. ژمارەی کۆمیتیکانی بەشــداربوو کە ڕووبەڕووی ئەم گرفتانە دەبنەوە هەڵدەســتن بــە توێژینەوەکردن، زانیاری تەواو کۆدەکەنــەوە، دەکەونە گۆڕینەوەی بیــروڕا، دوای هەموو ئەمە، ئەوان بڕیار نادەن بەڵکو هەڵدەستن بە ئانالیزێ و شــرۆڤەکردنی بارودۆخ بە شێوەیەکی گشتی و تایبەتی. زۆربەی کات ئەم جۆرە لە شرۆڤەکاری جۆرە روانینێکی دیکەمان دەداتێ بۆ سەیرکردنی دۆخی کەسیی نەخۆش: نەخۆشێک کە بێهێزو پەککەوتەیە، هەروەها ئەو تاکەکەســەی کە لێرە نییەو لە قەیراندایە، یان منداڵێکی تازە پیتێنراو، بە هەمان شــێوە دۆخی خانەوادەو دایک و باوک.. تاد. ئــەوەی لای من جێگەی گرنگیە لێرەدا ئەوەیە کە ئەخلاق وەک بابەتێکی پوختی سۆسیۆلۆژی و نەناســراوە، هەروەها بابەتێکی مێژوویش نییە، بەڵکو لە کۆنتێکســتێکی دیکەوە وەرگیراوە، بڕیارێکە کە دەبێــت بیدەین، ئەگەر ئەم بڕیارە لە ڕێگای خەڵکی دیکەشــەوە بدرێت دەبێت لە ناو پانتاییەکی ڕووناک و بــێ گرفتدا بێــت. ئەخلاقــی لێبوردنی پوخت، ئەخلاقێکی پوختی وەها کە پێم وایە پێوەندی دارە بە کۆمەڵێــک لایەنی دیکەوە، دەمەوێت کەمێک لەم باسە دوور بکەوینەوە پاشان بە وردی دێمەوە سەری، کەمێــک دوور دەکەوینەوە بۆ ئــەوەی زیاتر قووڵ ببینەوە لــە ناو گرفتێکی قووڵدا کە تێیدا چەقیوین کە یان دەبێت باز بدەین بەسەریدا یان دەبێت لەگەڵی دەرگیر ببین. ئەمە کارێکی ئاسان و خۆش نییە.

ئەم پلە بەرزە، کە پێم وایە ژاک دێریدا بەدەستی نەهێناوە، زیاتر متمانەی بە سیاسەت هەیە نەک بە خۆی، زیاتر متمانەی بەتوانایی ئەکتەرە سیاسیەکان هەیە کە هەموو کێشەکان بە خۆیانەوە دەبەستنەوە بە تایبەتی گرفتی ئەخلاق.

ئەمەش وا دەکات پێ بخەمە ناو گرفتی دووەم کە لەسەرەوە باسمان کرد، بە پێی ڕوانینی ژاک دێریدا بیردۆزێــک هەیە کە سیاســەت و دادوەری ناتوانن هەموو گرفتەکان چارەســەر بکەن، تەنانەت لێشیان نزیک ببنەوە. ئەوەی کە لە دەستی سیاسەت دەچێتە دەرەوە، توانایی تاکەکەســەکانە کە خاوەنی بڕیاری خۆیانن ، بە نموونە سەبارەت بە لێبوردن یان لێنەبوردنی شتێک کە ناکرێت لێی ببورین ئەمە تەواو بڕیارێکی تاکەکەسیەکە لەژێر دەســتەی سیاسی و یاساییدا نامێنێتــەوە. بەڵام ئەمڕۆ لەنــاو کۆمەڵگاکانماندا چیمان بــۆ دەردەکەوێت، ســەبارەت بە کەموزۆری گیروگرفتەکان؟ بێگومــان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە سیاســەت بەرامبەر زۆربەی کێشەکان ناتەواون و بێ هێزە کە خۆشــی نازانێت ئەم جۆرە لە بێهێزی بەرامبەر بــەو گرفتانە لە کوێوە دێت، ئەگەر چەند نموونەیەک وەربگرین تایبەت بە ئیدارە کردنی بواری ئابوری، نایەکســانی کۆمەڵایەتــی و، بێکاری و، نەبوونی ئاسایش و ئەمان. هەموو ئەمە بۆ سیاسەت سەختە تەنانەت بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی جیاوازییە کەلتوریەکانیش بە هاتنی ئایینە جیاوازەکانیشە بۆ وڵاتەکەمان بۆ نموونە ئاینی ئیسلام.

بــە هەرحاڵ تەنیــا چەمکی ئەخــلاق نییە کە سیاســەت بێ هێز دەکات، بەڵکو ئەمڕۆ بوارەکانی دیکەی وەک ئابوری و ڕۆشنبیریش بە هەمان شیوە سیاســەت پەک دەخەن. ئەگەر ئەمــڕۆ بمانەوێت سیاسەت بونیاد بنێینەوەو توانایی خۆی بۆ بگێڕینەوە، لەسەر ئەوەی کە بتوانێت بڕیار لەسەر گیروگرفتەکان بدات، ئەگەر بیر لەو شــتانە بکەینەوە کە پڕۆسەی دیموکراسیەت نوێ دەکەنەوە، یاخود بەمۆدێلێکی تازە دیموکراسیەت بونیاد بنێینەوە کە هەموو لایەنەکاندا بەشداری تێدا بکەن و ڕێک بکەون، هەروەها ئەگەر بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن بتوانین وا بکەین کە تەنیا چەپەکان یان ڕاستەکان یان هەردوولایان پێکەوە کار بکەن بۆ ئەوەی سەرلەنوێ مانا ببەخشنەوە بە کردەی سیاســەت کردن کە لە ئێستایان متمانەی خۆی لە دەست داوە، لە دوای هەموو ئەمەی کە باسمان کرد ئاخۆ دەکرێت روانین و پرســیاری کۆمەڵگا لەسەر ئەخلاق و ئەخلاقیات لە ناو بچێت و نەمێنێت؟

ئایا دەکرێت بە خۆمان بڵێین کە ئیتر رووبەرێکمان هەیە نا ئاشــناو غەریب لە دەرەوەی سیاسەت خۆی بونیــاد ناوە ئــەو ڕووبەرەش رووبــەری ئەخلاقە؟ کەواتە ئایا ئەوە مەحاڵە بە شــێوەیەکی یاسایی و سیاسی چارەســەرەکان بدۆزینەوە بۆ خراپترین هەڵەو گرفتەکان، بۆ ئەو شتانەی کە ناکرێت لێیان ببورین؟ لە ناو بیردۆزی لێبوردنی پوخت لەسەر شتێک بکات، ناکرێــت لێی ببورین ئیدێ یەک هەیە کە دەتوانین بیگشــتێنین، چەندین جــۆری کردارمان هەیە لای مرۆڤەکان کە لە خراپــەی پوختەوە دێنە دەرەوە کە

تیرۆریزم مانای راستەقینەی خۆی زیاتر لە دەست دەدات و وەک شتێکی نامومکین و نائاسایی دەکەوێتەوە بۆ کەسی تیرۆریست زیاتریش لەمە وەک شتێکی پیرۆزو مەزن تەماشای کردەی تیرۆر دەکەن، وەک ژاک دێریدا دەڵێت: ڕەنگە ئەمە جۆرێک لە پوچێتی و شێتی بێت

تیرۆریستەکان سواری فڕۆکە دەبن لەگەڵ کەتەر و چەقۆکانی گیرفانیان، ئەوان لە ڕیزی پێشەوەی فڕۆکەکاندا دادەنیشتن بۆ ئەوەی وەک خەڵکانی دیپلۆمات و موشەرەف خۆیان نیشان بدەن. لەلایەکی ترەوە تیرۆریزم وردە وردە ماناکانی خۆی لە دەست دەدات و هەموو شتێک تێکدەدات، هەروەها جۆرێک لە گەندەڵی دەبینین لەسەر مانا ڕاستەقینەکانی کردارەکانیان

نامرۆڤ بوونی ئەو کەسانەمان پێدەڵێت کە هەستاون بـــە خراپەکاری. بـــەڵام بۆ سۆســـیۆلۆگێک، ئەم بیردۆزە لە کاتی قبوڵ کردنیدا سەخت دەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی سۆســـیۆلۆگ دەتوانێـــت هەموو ئەو لایەنانە ببینێت کە تاک پـــاڵ پێوەدەنێن بۆ ئەوەی هەســـتێت بە کردەی خراپەکاری، وەک سیاسەت، ڕۆشنبیری و، لایەنی ئابوری. خراپە کردەیەک نییە لە دەرەوەی کایەکانی سیاسەت و کۆمەڵگادا خۆی مانیفێست بکات و بونیاد بنێت، ئەم کائینە دەکەوێتە نێو لۆژیکی ناخودێتیەوە، واتە چیتر وەک خودێکی پوخت دەرناکەوێت بەڵکو هانـــدەرو فاکتەری دیکە هەن کە جووڵەکانی ئاڕاستە دەکەن. ئەگەر بتوانم لە خراپە تێبگەم، ئەگەر خراپە سەر بەکاتێگۆری [-méta sociale] یان [métapolitique] نییە، کەواتە ئەتوانم بە سیاسەت و ئەخلاق ڕووبەڕووی ببمەوە.

هەمـــوو ئەمـــە وام لێدەکەن بکەومە ســـەر هێڵی بیرکردنەوە لە بابەتێک کە هەمیشـــە بۆ من مایەی ئازایەتی و، بەهێزی و، قودرەتمەندێتی بووە ، ئەوەش جوانی بیرکردنەوەکانی دێریدا بوو لەگەڵ کارەکتەرە بەهێزو قاســـی و جەوهەریەکـــەی جەوهەرێک کە لە کاتی قســـەکردن و پرســـیار دەربـــارەی ئەخلاق جێگیردەبێـــت لای دێریدا، بە تەنیا ئەخلاق نا بەڵکو لێبوردن و، دادوەری و، خزمەتگوزاری.

ژاک دێریدا دەربارەی [ لێبوردنی] پوخت پێماندەڵێت بۆ ئەوەی مانا ڕاســـتەقینەکەی خـــۆی وەربگرێت لە ڕاســـتیدا نابێت هیچ مانایەکی هەبێت، دەبێت نا کۆتابێت مایەی تێگەشتن بێت. دێریدا ئەمە ناو دەنێت [شـــێتی مەحاڵ] .ئەم پێوەندییە لـــە نێوان بیردۆزی مەفهومـــی خاڵـــس و پوخت و شـــێتیدا وام لێدەکەن کە بیر لـــەو هەموو هەوڵ و تەقەلایەك بکەمەوە کە ئەنجامـــم داوە بۆ بە ئەندیشـــەکردنی ئەو دیاردانەی کە دیراسەم کردوون وەک سۆسیۆلۆگێکی مەیدانی: دیاردەکانی وەک، زەبروزەنگ و تیرۆریزم .

کۆنسێپتێکی پوخت لەسەر تیرۆریزم دەبێت چی بێت؟ من دەتوانم وێنەی دوو زۆن ببینم کە ژاک دێریدا تێیدا پێی هەستیار و دڵتەنگ بوو، پێم وایە کە تیرۆریزمی پوخت دوو لۆژیکمان پیشاندەدات، بە لایەک ئاشت نابێتەوەو بە لایەکی دیکە لە کۆمەڵگاش دانابڕێت. بەشێکی ئەم تیرۆریزمە لە سیاسەتدا خۆی دەبینێتەوەو بەشێکی دیکەی سەر بە دنیای مۆدێرنە، دەتوانین بە دیاری کراوی بڵێین هەم ئامڕازو هەمیش عەقڵانی.

ئەوانەی کە لە یانزەی ســـێپتەمبەری ســـاڵی ٢٠٠١ دا بە هۆی توندوتیژیەکانیانەوە دەرکەوتن عەقڵانیتر بوون وەک لە دەزگای دژە تیرۆری ئەمریکی کە لە ناوەڕاستەکانی ساڵی هەشتاکاندا هەموو لایەنەکانیم دیراسەم کردبوون. لە کاتێکدا هێزەکانی دژە تیرۆر لە ئەمریکا خەریکی وێنەکێشانی نەخشەی سیناریۆکان بوون لەســـەر تیرۆریزمی ئەتۆمـــی و بیۆلۆژیک، تیرۆریســـتەکان سواری فڕۆکە دەبن لەگەڵ کەتەر و چەقۆکانی گیرفانیان، ئەوان لە ڕیزی پێشـــەوەی فڕۆکەکاندا دادەنیشـــتن بۆ ئەوەی وەک خەڵکانی دیپلۆمات و موشـــەرەف خۆیان نیشانبدەن. لە لایەکی ترەوە تیرۆریزم وردە وردە ماناکانی خۆی لە دەســـت دەدات و هەموو شتێک تێکدەدات، هەروەها جۆرێک لە گەندەڵی دەبینین لەســـەر مانا ڕاســـتەقینەکانی کردارەکانیان، تیرۆریزم مانای راســـتەقینەی خۆی زیاتر لە دەســـت دەدات و وەک شتێکی نامومکین و نائاســـایی دەکەوێتەوە بۆ کەسی تیرۆریست زیاتریش لەمە وەک شـــتێکی پیرۆزو مەزن تەماشای کردەی تیرۆر دەکـــەن، وەک ژاک دێریـــدا دەڵێت: ڕەنگە ئەمە جۆرێک لە پوچێتی و شـــێتی بێت. ئیتاڵیای ســـاڵەکانی ٧٠ و ٨٠ کان دەکرێت نمونەیەکی ڕوون بێت دەربارەی ئەم بۆچوونەی ئێمە لەســـەر تیرۆریزم: جوهدو تێکۆشانی ســـوپا، ماناکانی خۆی زیاتر لە دەست دەدا لەبەر چاوی چینی کرێکاران لە کاتێکدا ئەوان لە چاوەروانی ئەوەدا بوون سوپا بە ئەرکی خۆی هەســـتێت و رزگاریان بکات، سوپا بە ئەرکی خۆی هەڵنەستا بۆ ئەوەی کارمەندەکان ڕزگار بکات، لێرەدا سوپا تاوانبارە بەرامبەر بەوەی بە ئەرکی راستەقینەی خۆی هەڵنەدەســـتا سەبارەت بە ئازادی کرێکاران کە لە قەیراندا بوون، ســـوپا لەبری ئەوەی هەوڵ بدات بۆ بەدیهێنانی ئازادی کرێـــکاران، دەجووڵێت بۆ ئەوەی بیانکوژێـــت لە ناویـــان بەرێت و زۆربـــەی کاتیش بیانفرێنێت، لەگەڵ هەموو ئەم خراپەکاریەشـــدا کە دژی کرێـــکاران دەیان کرد، گوتاریان دەنووســـی و دەخوێندەوە ســـەبارەت بە ئـــازادی و جوانی و خەون و خەیاڵی قەشەنگ بۆ ژیان ، بە شێوەیەکی عاقڵانی فیکرو تێگەیشتنی درۆینەی بەرهەم دەهێنا. کەوایە تیرۆریزمـــی پوخـــت ئەو شـــتەیە کـــە هیچ کەس ناتوانێت دەربارەی هیچ شـــتێک ببیستێت و بزانێت، ئەو کەسانە نەبێت کە لە پێناوی هزری تیرۆریزمیدا کاردەکات، ئەوانـــەش بریتین لـــە نەتەوە، هاووڵاتی،

خراپە کردەیەک نییە لە دەرەوەی کایەکانی سیاسەت و کۆمەڵگادا خۆی مانیفێست بکات و بونیاد بنێت، ئەم کائینە دەکەوێتە نێو لۆژیکی ناخودێتیەوە، واتە چیتر وەک خودێکی پوخت دەرناکەوێت بەڵکە هاندەرو فاکتەری دیکە هەن کە جووڵەکانی ئاڕاستە دەکەن

چینە کۆمەڵایەتیەکان. تیرۆریزم تەنیا هۆکاری لە ناو چوونی خودی خۆی بوو بە مانا پوختەکەی.

بەڵام ئەمڕۆ با لە تیرۆریستی ڕاستەقینە بڕوانین: لەسەرانسەری دنیادا تیررۆریزم ناسراوە، بۆ زۆربەی کەس کە خۆشیان لە نێو ئەم بابەتەدا دەبیننەوە، بە تایبەت لە بەدیهێنانی خراپەکاریدا، ئەم مۆدێلە لە تیرۆریزم لە دەرەوەی ئەو خەیاڵە پوختەوەیە کە من لێیدوام. دەتوانین بڵێین ئەزموونێکی تیرۆریزمی کاتێک تەواو دەبێت کە هێزەکانی پۆلیس و سوپا لە کۆتایەمین جووڵەدا سەرکوتی بکەن، بەو شێوەش ژەنەراڵ dalla chiesa کۆتایی بە جووڵەیەکی تیرۆریزمی هێنا کە خەریک بوو دنیا بگرێت. دژواریەکە لەوەدایە کە کۆنسێپتی تیرۆریزم، هەرچەندە پێویستە، بەڵام ناتوانرێت دروست شی بکرێتەوە، ئەگەر بەتەواوەتی ئەزموونی تیرۆریزم بکەین، جووڵەو گوفتاری ئەکتەرەکانیان لێک نزیک و تەبابن کەوابێت دەبێ وای دابنێین کە ئەم تیرۆریزمە وردە وردە شکست بخوات و خشت خشت بکەوێتە خوارەوە بە جۆرێکی ڕاستەوخۆ و تا هەتایە یان بۆ ماوەیەکی کاتیی لەبەین دەچێت.

ئەمە چەندە بۆ تیرۆریزم ڕاستە، بە هەمان شێوەش بۆ توندوتیژیش دروستە، کە بەشێوازێکی گشتی و فراوانتر کاردەکات. ئەم توندوتیژییە کاتێک دەگاتە پوخت ترین هەوێنی خۆی ئەو کاتەیە کە ئێمە لە ناو دەبات و کۆتاییمان پێدەهێنێت، دەتوانین بەمە بڵێین توندوتیژی لەسەر توندوتیژی. دیارترین دەموچاوی ئەم جۆرە لە توندوتیژی پوخت [sadisme]ە کەسێکە کە چێژ لە ئازاردانی بەرامبەر دەبینێت، بەڵام کاتیگۆری سادیسم تەواو ئاڵۆزو نا ڕوونە، بەتایبەتی کە پێوەندی بە مازۆشیستەوە هەیە. لێرەش هەندێ جار دەکرێت زوڵم و ستەم، توندوتیژی بێت بۆ توندوتیژی، توندوتیژی بێت بۆ چێژ وەرگرتن بەهۆی ئەزموونێکەوە دەردەکەوێت کە دەتوانرێت بۆ هۆی توندوتیژی کەسێکی ترەوە بێت، بەهۆی سیاسەتەوە، بە هۆی جەنگەوە، یان بە هۆی باری دەروونییەوە، یان بە هۆی چەندین شتیتر یان بە هۆکاری عەقلانی یان ئامڕازە تەکنیکیەکان، زۆر کتێبی و ئەدەبی مێژوویی هەیە کە نیشانمان دەدەن کە ئایا ئەو سەربازانەی کە دڵێکی ناسکیان هەیە دەتوانن بکەونە ناو توندوتیژییەکی پوختەوە یان ناتوانن، بەپێی ئەوە دەردەکەوێت کە ئاخۆ خۆیان لەدەست داوە یاخود نا، لەبەرچاوی شاهیدو ڕۆژنامەنووسەکاندا دیار دەبن یان نادیار، لە ژێر کاریگەریی مادە هۆشبەرەکاندا هەڵدەستن بە کردەی زەبروزەنگ و ئەمەش وایان لێ دەکات خۆیان بدەنە دەستی کارگەلێکی پوچ و خراپ.

بەڵام وەک لێبوردنێکی پوخت، توندوتیژیەکی پوختیش تایبەتیە. بەڵام بەرلەوەی لەم کارانە بدوێین وەک وەحشەتگەری و شێتی، دەبێ پێش ئەمە وەک سۆسیۆلۆگێک و مێژوونووسێک شیبکەینەوە ئەنالیزێی بکەین، ئەم کارانە شیبکەینەوە کە پەیوەستن بەم بابەتەوە. بەڵام کە ئەم شیکاریەمان تەواوکرد، ئەگەر تێگەیشتنەکەی زەحمەت بوو کەواتە دەتوانین لەسەر شیکاری زیاتر بەدواداچوونی تر بکەین، ئەگەر ئەوەمان کرد ئەوا لە دەرەوەی چارەسەری سیاسی و ماف و مۆراڵەوەین، کەواتە دەتوانین بیر لەوە بکەینەوە کە تاوانباران بەرپرسیار نین لە تاوانەکانیان لەبەردەم دادگادا. لێرەدا ناتوانین خۆمان لە توندوتیژیەکی پوخت لابدەین و نەکەوینە ناویەوە، لە کاتێکدا کەئەم جۆرە لە توندوتیژیش هیچ سوودێک لە پراکتیزە کردنی وەرناگرین، بەڵام ئەوەش دەزانین کە توندوتیژی لەسەر توندوتیژی بە شێوەگشتیەکەی بە قەد ئامڕازە تەکنیکیەکان سەخت نییە.

بەڵام من هێشتا لێرەدا باسی دەوڵەمەندی بیرکردنەوەکانی ژاک دێریدام نەکردووە لەسەر [لێبوردن]، لە ناو تێکستەی ژاک دێریدا کە من ئێستا لەسەری کار دەکەم ئێمە دەباتەوە سەر چەندین ڕێگای تر لەو ڕێگایانەی کەمن هەڵمبژاردووە، بۆنموونە من لێرەدا زۆر بەکەمی باسی سەرکردایەتی سیاسی و دەسەڵاتی حوکمڕانم کردووە، یان مافی بەخشندەییم کردووە. من لەگەڵ قسەکانی ژاک دێریدا توانیم بیرکردنەوەیەکی تر دابێنم بە شێوازی خۆم. توانیم لە چەندین لای ترەوە تیشک بخەمەسەری، بەجۆرێکی تر گفتوگۆکەم لەگەڵ ژاک دێریدادا درێژە پێبدەم. من هیچ هۆکارێکم نییە تا بیرکردنەوەکەی ئەو سەخت و دژوار بکەم بۆ تێگەیشتن، بەڵکو تەنیا دەمویست ئیشی لەسەر بکەم، ڕەنگە چەندین لام وێران کردبێت، بەڵام هەوڵم داوە باشتر دروستی بکەمەوە.

**ئایا دەکرێت بە خۆمان بڵێین کە ئیتر رووبەرێکمان هەیە نا ئاشناو غەریب لە دەرەوەی سیاسەت خۆی بونیاد ناوە ئەو ڕووبەرەش رووبەری ئەخلاقە؟ کەواتە ئایا ئەوە مەحاڵە به شێوەیەکی یاسایی و سیاسی چارەسەرەکان بدۆزینەوە بۆ خراپترین هەڵەو گرفتەکان، بۆ ئەو شتانەی کە ناکرێت لێیان ببورین؟**

---

*** سۆسیۆلۆگ، سەرۆکی دەزگای زانستە مرۆییەکان، پاریس. سەرۆکی ڕێکخراوی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیۆلۆژی**